الاتحاد العام اللاجئين العراقيين في بريطانيا

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-UK

---

# ڕێکخراوە پەنابەری و ئینسانی یەکان لەبەرامبەری سیاسەتی دژ پەنابەری دەولەتی بەریتانیا دەنگیان یەکگرتوو دەکەن

ڕۆژی 19-10-2005 ڕێکخراوی (BID) کە ڕێکخراوەیەکە کاروباری ئەو پەنابەرانە ئەنجام دەدات کە لەگرتووخانە دەست بەسەرەکاندا راگیراون و زانیاری بەربوون بەو پەنابەرانە دەدات کە بەشێوەی کەفالەت ئازاد دەکرێن ،کۆبوونەوەیەکی راگەیاند لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی ڕێکخراوە پەنابەری و ئینسانی یەکانی بەریتانیا تیا بەشداریان کرد لەوانە( Harmit Athwal لە ڕێکخراوی Institute of Race Relations ، Deborah Coles لە INQUEST، Harris لەڕێکخراوی Zimbabwaean human rights،دەشتی جەمال لە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی، Cristal Amiss لە ڕێکخراوی Balck women`s Rape Action Project ، Harriet نوێنەری Ugandan women hunger strikers from Yarl`s wood IRC ، Tim Baster لە ڕێکخراوی Bail for Immigration Detainees ) ئەم کۆبوونەوەیە لە ژێر ناونیشانی (مردنی پەنابەران لەنیو گرتووخانە دەست بەسەرەکان و توندوتیژی و ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ ئەو ولاتانەی هیچ ئەمنیت و ئارامی تیا نی یە، لەلایەن Katie لەڕێکخراوی (BID ) کۆبوونەوەکە بەرێوەبرا.



نوێنەرانی ئەم ڕێکخراوانە لەسەر سیاسەتی دژ ئینسانی دەولەتی بەریتانیا لەبەرامبەر پەنابەران وهەڵگرتنی سنورەکان و دانی هەقی نیشتەجێ بوون بە تەواوی پەنابەران تاکید دەکردو ،ئەو کارەساتە تالانەی نیو گرتووخانە دەست بەسەرەکانی پەنابەرانیان دەگیرایەوە کە لەسالی رابردوو دا پەنابەران ناچار بەکاری خۆکۆشتن وتووندو تیژی کردوە ،هەروەها لەسەر راگرتنی دەست بەجێ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران بۆ ئەو ولاتانەی کە هیچ ئەمنێت و ئاسایش تیا نی یە بەتایبەتی (عیراق ،ئیران ،زامبابووی) راگەیاند.

دەشتی جەمال بە نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری بۆ ئەم کۆبوونەوەیە بانگیشت کرا کە باسی لە ئەزاعی سیاسی عیراق و کوردستان کرد بەدوای پرۆسەی داگیرکاری عیراق کە هیچ ئەمنیتو ئاسایش وژیانێکی رۆتینی لەبەردەم خەڵکی عیراقدا نەماوەتەوە لەتیرۆر تەقانەوەو ئینسان دزینو و ژن کوشتن و هیرشی بۆ سەر سەرەتاترین مافە مەدەنی و ئینسانی یەکانی خەڵکی عیراق ،هەڵگیرساندنی شەری مەزهەبی ،وە چۆن بەناوی دیمکراسی یەوە بەریتانیاو ئەمریکا نوێنەری سەرۆك عەشیرەت و ئەحزای قەومی و دەستەوە تاقمی ئیسلامی یەکانیان لە عیراقدا بەر دراوەتە گیانی خەڵك ،کە نەك هیچ ئەمنیتو ئارامی یەکیان دابین نەکردوە بەڵکو بێ ئاو کارەبای و فەسادی ئیداری گەیشتۆتە ئەو پەری ..،لەمانەش زیاتر باسی لە هەڵواسراوی چارەنووسی خەلکی کوردستان کرد لە ژێر سایەی ئەحزابە کوردیەکان کە چۆن لە 13 ساڵی رابردوودا مامەلەیان بەحقوقی ئینسان کردوە لەشەری ناوخو و دژ بە ئازادی هەلسورانی سیاسی و نارەزایەتی و خۆپشاندانە جەماوەریەکان وەستاوەنەتەوەو چارەنووسی خەڵکی کوردستانیان بەدەولەتێکی ئیسلامی وقەومی وە گریداوەتەوە ،لەسەر ماهیتی کۆنەپەرستانەی دەستوو ر و ناشەرعی حکومەتی ئیستا، هەروەها لەسەر ئاکامەکانی رووکردنە هاندەرانی خەڵکی عیراق و کوردستانی روون کردەوە کە بەرهەمی چ سیاسەتێکە ،پاشان لەسەر هیرشی ئەم دوایيانەی دەولەتی بەریتانیا بۆ سەر پەنابەرانی کورد و رێگا رووبەرووبونەوە و وەستانەوە بە گرتنە بەری خۆپشاندان و بەدەست هینانی پشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیا و وەستانیان لەکەناری هەڵسورانەکانی فیدراسیۆن ئیشارە پیدا و باسی لەژیانی پەنابەران کرد لەگرتووخانە دەست بەسەرەکان و ئەو هەولأنەی فیدراسیۆن

گرتۆیتێ بەر بۆ ئازاد کردنی پەنابەرە کوردە گیراوەکان ،لەکۆتایدا پیداگری کرد لەسەر گرنگی کاریێ پێکەوەی و خۆرێکخستن و کاری سەرتاسەری وپێویستی راوەستانیان لەکەنار فیدراسیۆن بۆ بەرگری لە پەنابەرانی کورد  و بەرێکخستنەوەی (کاروانێکی تری مافە مەدەنی یەکانی رێکخراوەکان کرد دژ بەسیاسەتی دژی پەنابەری و نەژاد پەرستی دەولەتی بەریتانیاو راگرتنی سیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران.)لەکۆتایدا  نۆینەرانی رێکخراوەکان لەسەر  گرنگی کاری پێکەوەی رێکخراوەکان هاورا بوون.

شایەنی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا نۆینەرانی رێکخراوی لیێ بووردنی نیو دەولەتی و رفیوجی کنسل و کەمپینی دژ بە داخستنی گرتووخانەی دەست بەسەری کامفیلد وهەڵسوراوان لەمەیدانی بەرگری لەمافەکانی پەنابەران لەئاستی ئەورپادا بەشداریان کرد.

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا**

2005-10-21

---

**POBOX1575 ILFORD IG1 3BZ LONDON**